کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-5-2007 12:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژنان خۆیان ڕێگری ئازادیەکانیانن ... عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

abdulagermiki@yahoo. com



درکم بەو راستییە کردووە، کە ژنان و کچان خۆیان رێگرن بۆ زۆر شت کە ئازادییەکانی خۆیان پاوان کردووە، تا ماوەیەکی پێش ئێستا نکوڵیم لەو راستییە دەکرد، هەر دەمویست خۆم ئیقناع بکەم کە وانییە، بەڵام شتێکی بەڵگە نەویستە کەوایە ژنان وکچانی ئەم وڵاتە خۆیان رێگرن لەکۆیلەکردنی خۆیان، بۆ نمونە تا ئێستا ژنان خۆیان لەخوارووی پیاوەوە دەبینن و عورف و عادەتی کۆن بەبنەما دەگرن بۆ خۆیان، ئەم جۆرە کارانە ژن وا لێدەکات هەر بە کۆیلەی بمێنێتەوە، بەڕاستی بۆ ئەمەش پێویستە ژنان درك بەو راستیە بکەن، راستە پیاو رێگرییەکی گەورەیە بۆ ئەوەی کچان و ژنان لەم دۆخەی کە تێدان هەر وابمێنین و رزگاریان نەبێ لەدەستی پیاوە نا رۆشنبیرەکان، بەڵام ئەو راستیەش هەیە کە ژنان خۆیان لەمپەرن لەپێش زۆر شتی خۆیان.

بێگومان ئەو کردەوانە رەوشەکە بەرەو خراپی دەبات کە کچان و ژنان خۆیان هۆن لەپێش ئازادبوونی خۆیان، ئەگەریش هەروەها بمێنن بەدڵنیاییەوە رۆژ بەرۆژ کۆمەڵگاکەمان بەرەو خراپتر دەڕوات و ئەوکات دەڵێن ساڵ بەساڵ خۆزگەمان بەپار، بەڵام بۆ ئەوەی لەو جۆرە بیرە کۆنانە نەجاتمانمان بێ، بۆ ئەمەش. پێویستی بەهزرێکی نوێخوازە، کە لەڕووی فکرییەوە ئەم ئاراستەی کە هەیە بەرەو ئاراستەیەکی تر ببات، چونکە ئەو ژنانەی کە باسم کرد حقیقەتی خۆیان نازانن ئەو سیستەمەی کە هەیە، سیستەمێکی پیسە و دژی ژنانە، بۆیە دەبێت کچان و ژنان خۆیان دژی ئەو فکرانە بن کە بوونەتە کۆسپ لەپێش ئازادییەکانیان.

وەك دەبینین رۆژ بەرۆژ رەوشی ژنان لەم وڵاتە بەرە و خراپی دەڕوات و ئەمەش وا لەژنان دەکات کە کچان و ژنانی ئەم وڵاتە بیر لەخۆکوشتن و سوتان بکەنەوە، یان بەدەستی پیاوەوە دەکوژرێن، هەر لەهەفتەی رابردوودا لەدووکان سێ ژن خنکێنرابوون لە ئاوەکەی دووکان دۆزرابوونەوە و هەر هەفتەی رابردووش ئەوەی کە راگەیەنراوە، چەندین ژن لەکوردستاندا خۆی سووتاندووە، یان سووتێنراون و یانژی کوژراون. بۆ ئەمەش بەڕاستی پێویستە تەدبیری جدی وەربگیردرێت، چونکە بەڕاستی رەوشی کچان و ژنان هەتا بێت بەرەو خراپی دەڕوات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.